## ئێوارەیەکی ماتەمینی بۆ هەڵەبجە لە فنلەند

**ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی/ فنلەند**
nauand@hotmail.com

**لە یادی چواردە ساڵەی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا و لە هۆڵی کایسا، لە شاری هێلسینکی پایتەختی فنلەند، ئێوارەیەکی ماتەمینی بەڕێخرا.**
**ئەم یادکردنەوەیە کە لە لایەن (ڕێکخراوی هاوکاری) و (ڕێکخراوی لایەنگرانی ئاشتی لە فنلەند) سەرپەرشتی دەکرا و بەرنامەیەکی دیاریکراویان هەبوو. لە کاتژمێر نزیك سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ، بە ئامادەبوونی نزیکەی 60 کەس، بە پارچە موزیکێکی خەمگین، کە لە لایەن هونەرمەندی لاو گۆڤەند قادرەوە دەژەنرا، دەستپێکرد.**
**سەرەتا بەڕێز حوسێن عەلی ، بەزمانی عەرەبی پێشەکییەکی کورتی سەبارەت بە کارەساتی هەڵەبجە باس کرد. ئینجا شاعیر درەخشان عەلی، پارچە هۆنراوەیەکی بە پێشەکییەوە بە زمانی کوردی خوێندەوە. پاشان خاتوو ئێلینا یارڤێنپا نوێنەری ڕێکخراوی لایەنگرانی ئاشتی لە فنلەند وتارێکی بە زمانی فنلەندی پێشکەش کرد.**
**پاش پشوویەکی کورت، بەڕێز دکتۆر گۆران پوختەیەکی سەبارەت بە شاری هەڵەبجەی کیمیابارانکراو و مێژوو و جێگەوڕێگەی ئەو شارە، بە زمانی فنلەندی پێشکەش کرد. خاتوو شادمان، وەك شایەدێك کە بەچاوی خۆی کارەساتەکەی بینیوە و تێیدا ژیاوە و هەر لەو کارەساتەدا باوکی شەهید بووە، باسێکی پێشکەش کرد. پاشان نووسەر یوسف ابو الفوز، نوێنەری ڕێکخراوی هاوکاری، وتەیەکی کورتی سەبارەت بە بابەتەکە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد و سوپاسی ئامادەبوونی مێوانەکانی کرد، کە بە مانای تەواوبوونی بەرنامەکەیان بوو. ئینجا فەرمووی، ئێستاش کاتی برگەی سەربەستە. لەو کاتەدا کە نزیك بە 20 کەس مابوونەوە هەردوو شاعیر بەڕێزان مەهدی خەمبار و درەخشان عەلی زۆر بەکورتی هەستی ناسکی شاعیرانەی خۆیان سەبارت بەم ڕۆژە دەربڕی. لەکۆتاییدا بەڕێز حەسەن زەکی کە بە وەرگێڕانی بابەتەکانیش هەڵدەستا، بەکورتی چەند سەرنجێکی خستە ڕوو.**
**شایانی باسە، ناو بە ناو پارچە مۆسیقایەکی خەمگین، لە لایەن هونەرمەندانی لاو، ( گۆڤەند قادر و بەختیارساڵح ) ەوە دەژەنرا.**
**ئێوارەکە لە کاتژمێر نزیك شەشی ئێوارە کۆتایی پێهات.**

**تێبینی:**
**ئێمە دوواتر، سەرنجەکانی خۆمان سەبارەت بەم یادکردنەوەیە، بەشێوەیەك دەخەینە ڕوو.**